


## دەسکی گەیم

**ئەو کەسانەی ئۆگری یاری کردنی دیجیتالین، دەزانن گرنگترین بەشی ئامێرەکانی تایبەت بە گەیم دەسکی گەیم یا (جویستیك)ە. هەر ئامێرێك وەك پلەی ستەیشن، یا ئێکس بۆکس یا لاپتۆپەکانی تایبەت بەگەیم... دەبێت دەسکی گەیمی تایبەت بەخۆیان هەبێ، هی هیچ ئامێرێك بۆ ئامێرێکی دیکە ناگونجێت.**

**گوگل دەسکێکی تایبەت بەگەیمی بەرهەم هێناوە کە**



## كیبۆردی تایپ بۆ ئامێرە دیجیتاڵییەكان

ئەگەر بۆ نیوسەدە یان کەمتر لە نیوسەدەش بگەڕێینەوە، دەبینن لە هەموو شوێنێك لەبری کۆمپیوتەر، دەزگای تایب (طابعە) هەبوو، لە ڕێڕەوی دادگاکان، لە نووسینگە فەرمییەکان لەدامودەزگای حوکمیەکان تەنیا تایب هەبوو. دەنگی تەقەی دوگمەکانی کیبۆردی تایب وەك کورد گوتەنی ڕێیە رۆژێك دەڕۆیشت..

ئێستاکە کیبۆردێکی تایبەت بۆ نوستالۆژی و بیرهێنانەوەی رابردوو بۆ ئامێرە دیجیتاڵییەکانی سەردەم بەناوی «Qwerkywriter»بەرهەم هاتووە. ئەم کیبۆردە لە ڕێگای بلوتوسەوە لەگەڵ ئامێرەکان پەیوەند دەدرێت و ٨٤ دوگمەی هەیە.

هەروەك کیبۆردی تایب کاتێك گەیشتە سەری دێڕ بۆخۆی دەگەڕێتەوە. لەگەڵ تەبلێت و مۆبایل و دەگونجێت. کیبۆردی ناوبراو شەحن دەبێتەوە و تا رۆژێك شەحنەکەی دانابەزێت.



## ئامێرێک بۆ ئەوانەی پشوو تەنگیان هەیە

لەم چەند ساڵەی دواییدا تەکنەلۆژیای نوێی دیجیتالی توانیویەتی خزمەتێکی زۆری بواری تەندروستی و لەشساغی بکا. گرنگی کاتژمێرە زیرەکەکان کە وەك راهێنەرێکی وەرزشی یان وەك چاودێرێکی تەندروستی بەردەوام لە خزمەت بەکارهێنەرەکەی دان جێگای بایەخە. نە تەنیا کاتژمێرە زیرەکەکان بەڵکو زۆر ئامێری دیکەش هەن لەیەکێك لە بوارەکاندا خزمەت بە بواری تەندروستی مرۆڤ دەگەیەنن، وەك ئامێری ATmotube PLUS کە بەقەد باترییەك دەبێت و لە گیرفان دەخرێت. ئەم ئامێرە بەتەواوی لە خزمەت ئەو کەسانە دایە کە نەخۆشی رەبۆ و تەنگە نەفەسیان هەیە.

ئەم ئامێرە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و ئەو شوێنانە دەست نیشان دەکات کە کەشوهەوای گونجاوی هەیە و هەروەها دەستنیشانی گازە زیانبەخشەکان دەکات.

لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ios دەگونجێت، لە ڕێگای بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایلەکان پەیوەند دەدرێت. ئەگەر چووی بۆ سەیران و گەشتەکان و هەستی بە مەترسی کەشوهەوای نالەبار یا بڵاوبوونەوەی گازی زیانبەخش کرد لە ڕێگای مۆبایلەوە بەکارهێنەرەکەی ئاگادار دەکاتەوە. ئەوانەی نەخۆشی پشوو تەنگیان هەیە بە زۆری بەهۆی نەزانینی و ئاگادار نەبوون لە کەشوهەوا گرفتی تەندروستیان بۆ هاتۆتە پێش و تەنانەت لە مەرگ نزیك بوونەتەوە.



## ـــــمی جۆکەر

بۆ گشت ئامێرەکان دەگونجێت، ئامێرەکەی گوگل بە Google Stadia ناسراوە. بۆ گشت ئامێرێکی تایبەت بەگەیم دەبێت، وەك مۆبایل، لاپتۆپ، ئیکس بۆکس، پلەی ستەیشن....تاد.

خودی دەسکی گەیمەکە دیزاینێکی سەرنج راکێشی هەیە، کێشی کەمە، لە جانتایەکی بچووکدا جێگای دەبێتەوە. گشت ئەو دوگمانەی تایبەتن بە یاری لە دەسکی گەمەکەدا هەن.

## دەستبەندەکان دەبنە تاقیگەی پزیشکی

لەم ڕۆژانەدا هەواڵی بەرهەم هاتنی مەچەکبەندی جۆری Honor band5 بڵاوکرایەوە. مەچەکبەندێك جیاواز لە گشت دەستبەندەکانی دیکە.

گشت مەچەکبەندەکان جگە لەئەرکی نیشاندانی کات و نیشاندانی پەیامەکانی مۆبایل، ئەرکی چاودێریکردنی جەستەی بەکارهێنەرەکەیان هەیە. واتە بۆ لەش ڕێکی لەریزی باشترین ئامێرەکان دێن، چونکە دەتوانن، هەنگاوەکان بپێوێن، مەودای ڕۆیشتوو دیاری بکەن و وزەی سووتێندراو بزاندرێت..

دەستبەندی جۆری honor band 5 جگە لەوانە چەند هەنگاوێکی دیکەش چووەتە پێش، وەك دیاریکردنی ڕێژەی ئۆکسجینی ناو خوێن، ناسینی ماندوویەتی و نائارامی، دیاریکردنی خەوی ئاڵۆز و تەنانەت ژانەسەریش.

مەچەکبەندەکە زۆر وەك ڤێرژنی ژمارە ٤ی خۆی دەچێت بەو تایبەتمەندییە زیادیانەی کە باسکران. ئەمە یەکەم مەچەکبەندە کە شاشەیەکی تەواو ڕەنگی لە جۆری OLED هەیە.




## بچووکترین مینی کۆمپیوتەر و تایبەتمەندییەکی بەهێز

مینی کۆمپیوتەرەکان لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوودا شوێنی ئەو کۆمپیوتەرە سەرمێزانە دەگرنەوە کە ئێستاکە لە جیهاندا باون. ئیدی کۆمپیوتەرێکی مەزنی دەزگا و نووسینگەیەك لە جانتایەکی بچووکدا جێگای دەبێتەوە.

لەم ماوەیەدا بچووکترینی مینی کۆمپیوتەر لەلایەن کۆمپانیای (ڕاك)ەوە بەرهەم هاتووە، ئەم کۆمپیوتەرە بچووکە بە x4 iBOX-R1000 ناسراوە و تەنکۆڵە و هەستەوەرەکەی لە جۆری AMD Ryzenە. خێرایی کۆمپیوتەرەکە ٢٤٠٠ میگاهێرتزە و ڕامەکەی ٣٢ گیگابایتە. کەلێنەکانی HDMI , و Display port و USB3 هەیە. کۆمپیوتەری ناوبراو بۆ کاری ڕۆژانە و کارەکانی ئیداری و نووسینگەکان گونجاوە.



# هاردێکی دژە بەرکەوتن و پێتەو




کۆمپانیای «ئەیپیسەر» کە لە بواری بەرهەمهێنانی ئامێرە دیجیتالییەکاندا چالاکی هەیە، لەم ماوەیەدا هاردی جۆری AC731 USB 3.1 Gen 1 خستەڕوو کە بە پاراستنی سێ لایەنە ناسراوە.

هاردەکە بە هاردی مەیدانی شەڕ ناودەبرێت چونکە لە سەختترین هەلومەرجەکاندا کێشەی بۆ دروست نابێت. هاردەکە ستایلێکی سەرنج ڕاکێشی هەیە ڕەنگێکی ڕەش کە چوارچێوەیەکی زێڕینی هەیە سەرنجی بەکارهێنەر ڕادەکێشێت. جگە لە چوارچێوە زێڕینەکەی ئەوەی تر قایشی ئەسڵ دروستکراوە، ئەویش بۆ ئەوەی لە کاتە گەرمەکاندا ئارەقە نەکات.

هاردی ناوبراو ئەگەر لە بەرزاییش را بەربێتەوە کێشەی بۆ دروست نابێت، بەکەوتنە ناو ئاو کێشەی بۆ نایەتە پێش و هەروەها تۆز و خۆڵ ناگرێت. هاردی ناوبراو یەك ترابایتی و دوو ترابایتی هەیە.

# ساختەکاری مەزن مەترسیی

**لەم ڕۆژانەدا دەستەواژەیەکی نوێ لە جیهانی دیجیتالیدا سەری هەڵداوە، کە پسپۆرانی بواری تەکنەلۆژیای نوێ بە مەترسیدارتر لە چەکی ناوەکی**




هەموومان دەزانن کردارەکانی فۆتۆشۆپ چییە، دەستکاری کردنی وێنەیەك دەکا کە بە دژواری لەگەڵ وێنە ڕاستییەکە هەستی پێدەکرێ. ئەی ئەگەر ئەم کردارە لە ڤیدیۆدا بکرێ؟ deep fake بەو پرۆگرامانە دەگوترێ کە ئەم کردارانە ئەنجام دەدەن و فیلمی درۆینە کە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ڕاستی بەرهەم دێنن. بۆ نموونە لەم ماوەیەدا کورتە فیلمێك لەسەر سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا، ئۆباما دروستکرابوو، کە لەو کورتە ڤیدیۆیەدا ئۆباما پەیامێك دەنێرێت و باسی ساختەکاری لە هەڵبژاردنی ئەمەریکادا دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا ئۆبامای واقیعی ئاگاداری ئەو فیلمە نەبووە و فیلمەکە بە دیپ فەك دروستکراوە، بەجۆرێك کە لەگەڵ فیلمێکی ڕاستی لێکجیا ناکرێتەوە.

دیپ فەك جیهانی سیاسەت ئاڵۆز دەکات

ئەگەر ئەو تەکنەلۆژییە پەرە بستێنێ، جیهانی سیاسەت تووشی کێشە دەبێ، بەناوی سەرۆك و ڕێبەرانی وڵاتان پەیام و گرتەیی ڤیدیۆیی بڵاودەکرێتەوە، ئەوجارە هەر دەبێت ڕوونکردنەوە دوای ڕوونکردنەوە بدرێ کە ئەم ڤیدیۆییە ڕاستی



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چ جیاوازییەك لە نێوان sleep و hiber-nate لە کاتی کوژانەوەی کۆمپیوتەردا هەیە؟**

خوێنەری بەڕێز ئەم کردارانەی باسیان دەکەی لە لاپتۆپەکاندا دەبیندرێ و لەکاتی کوژانەوەیاندا، چەند فەرمانێك هەیە، یەك shutdown یا turn off ئەمە بەو مانایە دێت کە کۆمپیوتەرەکە یەکسەر دەکوژێتەوە و ڕام و هارد و هەموو پارچەکانی وزەیان تێدا نامێنێ. Restart هەیە کە بەمانای کوژانەوە و سەرلەنوێ هەڵبوونەوە دێت. Sleep هەیە کە بەمانای خەو دێت، بەڵام لە کۆمپیوتەردا بەمانای خەوی قوڵ نایەت بەڵکو وەك سەرخەوێك دێت، کە بۆ ماوەیەکی کاتی دەتەوێ کۆمپیوتەرەکە بکوژینەویەوە، بەڵام کاتێك دێیەوە سەر لاپتۆپەکە، ئەو پرۆگرامانەی کە کرابوونەوە یان ئەو فایلانەی کرابوونەوە وەك خۆی دانەخرابن و بە کراوەیی مابنەوە..

وشەی hibernate بەمانای خەوی قوڵ یا زستانە خەو دێت، ئەوە بەو مانایە دێت کە بۆ ماوەیەکی زۆر لاپتۆپەکە بەجێ دێڵی، وەك ڕۆژێك یان زیاتر و ناشتهەوێت پرۆگرامەکان دابخرێن، کاتێك هاتیەوە سەر کۆمپیوتەر پێویست نەکات یەکە یەکە فایل و پرۆگرامەکان بکەیەوە.. لە حاڵەتی sleep دا، هەموو پارچەکان دەکوژێنەوە ڕام نەبێت، لەحاڵەتی hiber-nate دا هەموو پارچەکان دەکوژێنەوە تەنیا هارد نەبێت..



# کەڤەرێکی شەحنکەرەوە بۆ ئایفۆنەکان

ئەگەرچی بەرهەمەکانی کۆمپانیای ئەپل لەریزی پێشەوە دێن، بەڵام یەکێك لە هۆکاری پێشکەوتنەکەیانیان ئەوەیە کە ئامێری لاوەکی لەلایەن کۆمپانیاکانەوە تایبەت بەو بەرهەمانە زۆر بەرهەم دێن.

لەم دواییەدا کەڤەرێکی تایبەت بە مۆبایل و ئایفۆن و تەنانەت ئایپادەکانیش بەرهەم هاتووە کە لەگەڵ ئەوەیدا پارێزەرێکی باشی مۆبایل یا تەبلێتەکەیە لەکاتی کەوتنەخوارەوە و بەرکەوتندا، وەك پاوەربانکێکیشە و لەکاتی پێویستدا مۆبایلەکە شەحن دەکاتەوە، نەك مۆبایلەکە بەڵکو هێدفۆنی مۆبایلەکەش شەحن دەکاتەوە.

کەڤەرەکە بە iphone Case power1 ناسراوە، وەك دەڵێن بە تیرێك دوو نیشانان دەپێکێ، هەم مۆبایلەکە دەپارێزێ و هەم شەحنی دەکاتەوە، لەیەك کاتدا هەم مۆبایلەکە و هەم ئایپادێکیش شەحن دەکات.



## ماڵپەڕێک بۆ دروستکردنی ڤیدیۆ کلیپ


گەر نیازت هەیە لە ڤیدیۆکانی سەر مۆبایل یا کۆمپیوتەرەکەت ڤیدیۆ کلیپ دروست بکەی، پێویستت بەو پرۆگرامانەی کە بۆ ئەم مەبەستە داندراون. ئەدی ئەگەر لەسەر کۆمپیوتەرەکەت یا مۆبایلەکەت هیچ کام لەو پرۆگرامانە نەبوون، ئەوە ئەوکات دەکرێت سەرێك لەو ماڵپەڕانە بدەی کە بەشێوەی ئۆنلاین خزمەتگوزاری دروستکردنی ڤیدیۆ کلیپیان تێدا هەیە، یەکێك لەو سەدان ماڵپەڕی کە بۆ ئەم مەبەستە داندراون، ماڵپەڕی https://animoto.com/یە.

لە ماڵپەڕی ناوبراودا بە ئاسانی دەتوانی تێکەڵێك لە وێنە، دەق و گۆرانی و بۆ دروستکردنی ڤیدیۆ کلیپی ئۆنلاین سوود وەربگریێ. لەو ماڵپەڕەدا سەدان ئێفێکتی جۆراوجۆری ئامادەکراو هەیە. بەڵام گرفتێك لەو ماڵپەڕەدا ئەوەیە کە تەنیا ٣٠ خولەك ڤیدیۆکانی بەخۆڕایین و دواتر دەبێ هاوبەش بکەی و ببی بە ئەندام.

لەماڵپەڕەکەدا دەتوانی سوود لە زەینی دەستکرد بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوە وەربگری و هەروەها دەستکاری کردنی وێنە، وەك بڕین و سوڕان و ڕێك کردن هەیە، هەروەها بۆ دەق و دەنگیش خزمەتگوزاری تایبەتی تێدایە..

# ـــــــدارتر لە چەکی ناوەکی!

**دەزانن ئەویش (deep fake)ە، کە بە مانای «ساختەکاری مەزن» دێت.. ئەم تەکنەلۆژییە نوێییە چییە؟ بۆ مەترسیدارترە لە چەکی ئەتۆمی؟**



نەبووە. لەو هەرێمەی ئێمەدا کە لەهیچ و نەبووە شت دروست دەکرێ، ئەگەر ئەم تەکنەلۆژیە پەرەبستێنێ دەبێ چ کارەساتێك بخولقێ.

دیپ فەك کێشەی ئەخلاقی دروست دەکات

دەکرێت بەهۆی دیپ فەکەوە کێشەی گەورەی ئەخلاقی دروست بکرێت، فیلمی رووت و پۆڕن لە کەسانێك دروست بکرێت و کەسایەتیان بشوێێندرێ کە هەتا بۆ خەڵك راستییەکان روون دەبێتەوە زۆری پێ بچێت.

دیپ فەك لە بواری ئەمنییەوە کێشەی گەورە دروست دەکا

کرداری کوشتن و دزی کردن و تێکدانی ئەمنییەت بەهۆی دیپ فەکەوە دروست دەکرێن، کەسانی بێ تاوان بەتاوانبار دەناسرێن. لە هەر بوارێکدا دەکرێت ئەم ساختەکارییە مەزنە کێشەی گەورە دروست بکات و جیهان ئاڵۆزتر بکات.

لە دیپ فەك دا رەنگەکان، تۆنی دەنگەکان و شێوازی ئاخاوتنەکان وەك ئەو کەسانەن کە فیلمەکەیان لەسەر دروست دەکرێت، ئەگەر رۆژێك هات ئەم تەکنەلۆژییە گشتگیر بێ، مرۆڤایەتی بە زەحمەت لێی دەرباز دەبێ..